**بەشی : جوگرافیا**

**کۆلێژ: ئەدەبیات**

**زانکۆ : سەلاحەدین**

**بابەت: جوگرافیای کەش (جغرافية الطقس)**

**پەرتووکی کۆرس – (ساڵی 1)**

**ناوی ماموستا : م. ی. محمد حمەصالح فارس**

**ساڵی خوێندن: 2021 – 2022**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| **1– ناوی کۆرس** | **جوگرافیای کەش (جغرافية الطقس)** |
| **2– ناوی ماموستای بەرپرس** | **محمد حمەصالح فارس** |
| **3– بەش/ کۆلێژ** | **جوگرافیا – ئاداب** |
| **4– پەیوەندی** | **mohammed.faris@su.edu.krd** |
| **5– یەکەی خوێندن (بەکاتژمێر) لە هەفتەیەك** | تەنها تیۆری : 3 |

| | |
|---|---|
| | |
| 6- ژمارەی کارکردن | 12 کاتژمێر |
| 7- کۆدی کۆرس | - |
| 8- پرۆفایلی ماموستا | لە ساڵی (2011) بروانامەی بەکالۆریوسم بەدەست هێناوە لەزانستی جوگرافیا /کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین. لە هەمان زانکۆ بروانامەی ماستەرم لە زانستی جوگرافیا/ لە بواری زانستی ئاوو (هایدرۆلۆجی) لە ساڵی (2017) بەدەست هێناوە. وە ئێستا مامۆستام لە هەمان بەش بە پلەی زانستی مامۆستای یاریدەدەر. |
| 9- وشە سەرەکیەکان: | ڕەگەزەکانی کەش و ئاووهەوا، بەرگی گازی و چینەکانی، پلەی گەرما، چڕبونەوە و دابارین، پەستان، باوو تۆپەڵە هەوایەکان، تەوژمە ئاویەکان، ئامێرەکانی پێوانەکردنی ڕەگەزەکانی ئاوو هەوا. |

10- ناوەڕکی گشتی کۆرس: گرنگی بابەتەکە خۆی دەبینێتەوە لەوەدا کە زانستی کەش لقێکی گرنگ و سەرەکی جوگرافیایی سروشتیە وە بابەتێکی سەرەکی زانستی جوگرافیایشە، لە ڕێگەی ئەم زانستە لە ڕێگای ڕەگەزەکانیەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە ژیانی هەموو ژیاندارەکانەوە (مرۆڤ، ئاژەڵ ڕوەك، زیندەوەران) بەبێ بوونی ئەم ڕەگەزانە ژیان نامێنێت لەسەر گۆی زەوی، بۆنمونە بەرگی گازی سەرچاوەی سەرەکی هەموو جۆرەکانی دابارینە ڕێکخەری تێپەڕبوونی تیشکی خۆر (گەرمی و سەرروو وەنەوشەیی) دابارین (باران و بەفر) سەرچاوەی سەرەکی ئاوی سەر زەوی ژێر زەوییە، پلەی گەرما سەرچاوەی ژیانی هەموو ژیان دارەکانە.

لە لایەکی ترەوە ڕەگەزەکانی کەش و ئاووهەوا پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەیە بە چالاکیە ئابوریەکانی مرڤەوە بە شێوەك دەبنە یەکێك لە ڕەگەزە بنڕەتیەکانی ئەو چالاکیانە و بەبێ بوونی ڕەگەزەکانی ئاوو هەوا تووشی لاواز بوون لەناوچون دەبنەوە وەکو (کشتوکاڵ پیشەسازی، گەشت و گوزار، بازرگانی، گواستنەوە،....هتد)

**11- ئامانجەکانی کۆرس:**

1 – تێگەیاندنی قوتابی لە بابەتەکانی زانستی کەش  وەگەشەکرن و پێشخستن و تەواوکردنی ئەو ئەو زانیاری و شارەزاییانەی کە پێشوو تر لە پاشخانی قوتابیدا هەبوە لە بواری زانستی جیمۆرفۆلۆجیا بەمەبەستی فراوان کردنی توانای زانستی و ئەکەدیمیان لەسەر بابەتەکە.

2- فێرکردنی قوتابیان و ئاشناکردنیان بە بەرگی گازی و چینەکانی و پێکهاتەکانی و گرنگی هەر یەك لەم چینانە بە تایبەتی و گرنگی بەرگەکە بە گشتی بۆ ژیانی مرۆڤ و ژیاندارەکانی تر.

3- ئاشناکردنی قوتابیان بە ڕەگەزە گرنگەکانی ئاوو هەواو ڕونکردنەوەی یەك بە یەکیان و دەرخستنی پەیوەندی و کاریگەریان لەسەر یەکتر.

4- ناساندنی قوتابیان بە ئامێرەکانی پێوانەکردنی ڕەگەزەکانی ئاوو هەوا و چونیەتی کار کردنیان لە وێستگە کەش ناسیەکاندا.

5- تیشك خستنە سەر ڕۆڵی تەکنەلۆجیای سەردەم لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە ڕەگەزەکانی ئاوو هەوا لەو ناوچە و شوێنانەی کە مرۆڤ بە ئاسانی نایان گاتێ یان ناتوانێت بمێنێتەوە تیایاندا وەکو تەکنیکی هەست کردن لە دوور مانگە دەسکردەکان فرۆکە تایبەتەکان و سۆفتویرە جیاجیاکانی (GIS).

6- پێشکەش کردنی هزر و کلتوری چونێتی هەڵسوکەوت کردن بەرامبەر بە ڕەگەزەکانی ئاووهەوا بەمەبەستی ڕێگر کردن یان کەم کردنەوەی لایەنە نەرێنیەکانی گۆڕانکارییە ئاوو هەوایەکان.

| |
|---|
| 12- ئەركەكانی قوتابی: بریتیە لە 1- خوێندنەوەی بابەتەكانی هەفتە لە سەرچاوە زانستیەكان 2- ئامادەبونی قوتابیان لە هەموو وانەكاندا 3- ئامادەبونیان لەهەموو تاقیكردنەوەكاندا 4- بەژداری كردن و گفتوگۆ لەسەر ناوەڕۆكی بابەتەكان و وێنە و هێلكاریەكان و پرسیاركردنیان. |
| 13- ڕێگاكانی وانە وتنەوە: ماموستا ئەم ڕێگایانە بەكاردەهێنێت:- تەختە سپی+ داتاشۆ و بەرنامەی پاوەر پۆینت+ پیشاندانی وێنە و ڤیدیۆ و گراف+ سەرچاوە و پەرتوكی مەنهەجی. |
| **14- سیستەمی هەڵسەنگاندن:** تاقیكردنەوە: قوتابی دوو تاقیكردنەوە ئەنجام دەدات هەریەكەو لەسەر (20) نمرە. وەلە كۆتایی ساڵ لە سە ر (60) تاقی كردنەوەی كۆتای كۆرس ئەنجام دەدات. |
| **15- دەرئەنجامەكانی فێربون** .<br><br>1- قوتابی فێر دەبێت كە بەرگی گازی و چینەكانی پێكهاتەكانی چین و كاریگەریان چیە لەسەر مرۆڤ.<br><br>2- شارەزابوونی قوتابی و فێرخواز لەسەر یەك بە یەكەی ڕەگەكانی كەش و هەواو خوێندی بابەتێكی تێو تەسەل وە ئەوەی كە پێویست بێت لەسەر هەر یەك لەو ڕەگەزانە.<br><br>3- ناسین و ئاشنابوونی قوتابی و خوێندكار بە ئامێرە گرنگەكانی كەش و ئاووهەوا و چونیەتی كاركردنیان بۆ تۆمار كردنی هەر یەك لە ڕەگەزەكان<br><br>4- شارەزابوونی فێرخواز لەسەر گۆڕانكارییە ئاوو هەوایەكان و هۆكارەكانی ئەو گۆڕانكاریانە و گاریگەرییە نەرێنیەكانیان لەسەر مرۆڤ و ڕێگاكانی كەم كردنەوەی كاریگەریەكانیان. |
| **16- لیستی سەرچاوەكان**<br>1- جوگرافیای كەش و ئاووهەوا، د. ئازاد محمدامین نەقشبەندی، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، سلێمانی، 2007.<br>2- جغرافیة الطقس، إبراهیم إبراهیم شریف، بغداد، 1991. (بەكوردیش هەیە ترجمە كراوە)<br>3- جغرافیة الطقس، د. أحمد سعید حدید و د. علی الشلش و د. ماجد السي ولي، بغداد، 1979.<br>4- مبادیء الطقس و المناخ، د. قصي عبدالمجید السامرائي، مطبعة دار الیازووری للطباعة والنشر، 2008.<br>5- الجغرافیا المناخیة، د. علي أحمد الغانم، دار المسیرة للنشر و التوزیع، الطبعة الأولی، عمان/ الأردن، 2010. (بەكوردیش هەیە ترجمە كراوە) |

| **17- بابەتەكان** | **ناوی ماموّستای بابەت** |
|---|---|
| **ناوەڕۆكی بابەتەكە ( یەكەكانی تایبەت ):**<br><br>ناوەڕۆكی بابەتی (جوگرافیای كەش) بۆ ساڵی خوێندنی ( 2021 - 2022)<br>ناوەروكی بابەتەكە:-<br>هە فتە ی 1- تعریف الطقس و المناخ، الاختلافات بین الطقس والمناخ، الغلاف الغازی و مكوناته، أهمیة مكونات الغلاف الجوي من حیث الطقس والمناخ، (بخار الماء، ثاني اوكسید الكاربون، غاز الأزون، جزیئات الغبار)<br>هە فتە ی 2:- طبقات غلاف الغازي (طبقة التروبوسفیر، طبقة الستراتوسفیر، طبقة المیسوسفیر، طبقة الثرموسفیر. أهمیة غلاف الغازي.<br>هەفتەی 3:- الشمس والإشعاع الشمسي، طبقات الشمس (منطقة لب الشمش - core، منطقة الإشعاع - radiation zone، منطقة الحمل الحراري - convection zone، منطقة جبهة الشمس - | محمد حمەصالح فارس<br>3 كاتژمێر |

| | |
|---|---|
| photosphere). أنواع أشعة الشمس (الأشعة المرئية، الأشعة تحت الحمراء، الأشعة فوق البنفسجية).<br>هه فته ى 4:- العوامل المؤثرة على كمية الطاقة الواصلة على الأرض، البحث عن العمليات (الإنعكاس، الإنكسار، الإمتصاص، الإجتياز). قياس الاشعاع الشمسي.<br>هةفتةى 5:- انتاج الحرارة و العوامل المؤثرة في الانتاج.<br>هەفتەی 6:- نقل الحرارة (النقل الرئسي للحرارة، النقل الأفقي للحرارة).<br>هەفتەی7:- مصطلحات درجة الحرارة، انقلاب درجة الحرارة.<br>هەفتەی 8:- قياس درجة الحرارة وأجهزة قياسها، أنظمة قياس درجة الحرارة، تحويل درجة الحرارة من نظام إلى نظام أخر.<br>هەفتەی 9:- العوامل المؤثرة على توزيع الحرارة. الضغط الجوي، قياس ضغط الجوي و أجهزة قياسه، تغيرات الضغط الجوي عمودياً و افقيا.<br>هەفتەی 10:- عروض ضغط الهواء. الرياح والكتل الهوائية، قياس الرياح، القوى المؤثرة على الرياح، أنواع الرياح (عام ، محلي).<br>هەفتەی 11:- مفهوم الكتل الهوائية، شروط إنشاء الكتل الهوائية، تصنيف الكتل الهوائية (الكتل الرئيسية، الكتل الثانوية)، صفات الكتل الهوائية.<br>هەفتەی 12:- توزيع الجغرافي للكتل الهوائية. الرطوبة الجوية، التبخر و العوامل المؤثرة عله، كيفية قياس التبخر. التكاثق و شروطه.<br>هەفتەی 13:- أشكال التكاثف (التكاثف قرب سطح الأرض، التكاثف بعيدا عن السطح). التساقط و أنواعه وكيفية قياسه.<br>هەفتەی 14:- العوامل المؤثرة على كمية التساقط، التوزيع الجغرافي للتساقط في العالم. مفهوم التيارات البحرية.<br>هەفتەی 15:- تصنيف تيارات البحرية، التوزيع الجغرافي للتيارات البحرية. | |
| **18- بابەتی پراکتیکی (ئەگەر هەبێت) / سەردانی کردنی وێستگەکانی کەشناسی بەمەبەستی بینینی ئامێرەکان و چونیەتی ئیش کردنیان و تۆمارکردنی داتاکانی کەش و ئاووهەوا.** | |
| **19- تاقیکردنەوەکان:** نمونەی سادەی پرسیارو و وەڵام.<br>1- پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە (ئەلبیدۆ، کامبڵ ستوکس، باروگراف، تۆپەڵە هەوا، بارانی بەرزەرۆ، تەوژمی دەریایی گەرم، هێزی کۆرۆلیس).<br>2- مەبەست چیە لە جوگرافیای کەش و جوگرافیایی ئاووهەوا؟ وە گرنگترین خاڵی جیاوازیان چیە؟.<br>3- بەرگی گازی چیە؟ باس لە گرنگترین چینەکانی بکە بە وردی و بە کورتی، بەوێنە وەڵامەکەت دەوڵەمەند بکە.<br>4- کودەتای پلەی گەرمی دیاردەیەکی پێچەوانەی باری ئاسایی پلەی گەرمایە لەسەر ئەم بابەتە بدوێ بە وردی.<br>5- پێناسەی پەستانی هەوا بکە و باس لەو هۆکارانەش بکە کە کاریگەرییان هەیە لەسەری.<br>6- هۆکاری ئەمانە ڕوون بکەرەوە (1-........ 2-................3-...................4..............) | |
| **20- تێبینی تر:** نیە . | |

**21- پێداچونەوەی هاوەڵ**